# التمثل المورفو-سنتكسي لمصطلحات الألوان في اللغة الكوردية: رؤية في ضوء نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM)

أ.م.د.ليلى جليل عباس
جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الانسانية / قسم اللغة الكوردية
dalyaa829@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: المورفولوجيا الموزعة (DM)، مصطلحات الألوان، اللسانيات الكوردية، الجذور المحايدة، المورفولوجيا–النحو، الإقحام المفاهيمي.

**كيفية اقتباس البحث**

عباس , ليلى جليل , التمثل المورفو–سنتكسي لمصطلحات الألوان في اللغة الكوردية: رؤية في ضوء نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# التمثل المورفو-سنتكسي لمصطلحات الألوان في اللغة الكوردية: رؤية في ضوء نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM)

# The Morpho-Syntactic Representation of Color Terms in Kurdish: A Distributed Morphology (DM) Perspectiv

**Assistant Professor Dr. Layla Jalil Abbas**
**University of Kirkuk / College of Education for Humanities / Department of Kurdish Language**
dalyaa829@gmail.com

**Keywords** : Distributed Morphology (DM), Color Terms, Kurdish Linguistics, Category-neutral Roots, Morpho-syntax, Conceptual Insertion

**How To Cite This Article**
Abbas , Layla Jalil , The Morpho-Syntactic Representation of Color Terms in Kurdish:A Distributed Morphology (DM) Perspectiv ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstrac
This study investigates the morphological and semantic properties of color terms in the Central Dialect of Kurdish, adopting the framework of Distributed Morphology (DM). The research challenges the traditional view of color terms as static adjectives, proposing instead that they are category-neutral roots (Root) that acquire syntactic and semantic identities through their interaction with structural functional heads. The study explores three primary dimensions: the conceptual insertion of colors in livestock and environmental terminology, the verbalization of colors through inchoative and causative constructions, and the symbolic representation of colors in Kurdish poetry (Nali, Mahwi, Goran). The results demonstrate that color terms in Kurdish are subject to (Late Insertion) and (Syntactic Contextuality), where the mental lexicon and the syntactic derivation interact to produce complex idiomatic and

metaphorical meanings. The findings conclude that Kurdish speakers possess a high degree of morphological awareness, enabling the dynamic deconstruction and reconstruction of color-based linguistic units. This study follows the Descriptive Analytical Method. On the one hand, based on the data of Abdulwahhab Shekhani's Dictionary of Colors, which gives a detailed description of color terms in Kurdish. On the other hand, in a scientific manner and using the tools of distributed morphology theory (Distributed Morphology), we conduct a morpho-semantic analysis of the structures to explain how these words are formed at the level of morphemes and roots.

**الملخص :**

تناول هذه الدراسة الخصائص الصرفية والدلالية لمصطلحات الألوان في اللهجة الكوردية المركزية، وذلك باعتماد إطار نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM). تفترض الدراسة أن الألوان في اللغة الكوردية ليست مجرد صفات جامدة، بل هي جذور محايدة فئويًا (Root) تكتسب هويتها النحوية والدلالية من خلال تفاعلها مع الرؤوس الوظيفية داخل البنية التركيبية. استعرض البحث ثلاثة أبعاد رئيسية: الإقحام المفاهيمي للألوان في المصطلحات البيئية والحيوانية، وتحويل الألوان إلى أفعال من خلال الصيغ الصيرورية والسببية، والتمثل الرمزي للألوان في الشعر الكوردي (نالي، محوي، كوران). أظهرت النتائج أن مصطلحات الألوان تخضع لعمليتي (الإدراج المتأخر) و(السياقية التركيبية)، حيث يتفاعل المعجم الذهني مع الاشتقاق النحوي لإنتاج معانٍ اصطلاحية ومجازية معقدة. تخلص الدراسة إلى أن المتحدث الكوردي يمتلك وعيًا مورفولوجيًا عاليًا يسمح له بتفكيك وإعادة بناء الوحدات اللغوية المعتمدة على اللون بشكل ديناميكي. في هذا السياق، لا تُعدّ الألوان في اللغة الكردية مجرد أدوات جمالية أو وصفية، بل هي نظام صرفي دلالي معقد متجذر في ثقافة وبيئة الشعب الكردي. وبفضل ثراء بيئتها، وتاريخها العريق في تربية الماشية والحياة الصحراوية، تزخر اللغة الكردية بمصطلحات لونية لا مثيل لها في كثير من لغات العالم. فعلى سبيل المثال، تُثبت دقة الأكراد في تمييز ألوان الحيوانات، كما ورد في (قاموس الألوان - ٢٠٠٥) لعبد الوهاب شيخاني، أن اللون يرتبط ارتباطًا وثيقًا باحتياجات الشعب الكردي (وظيفته ونظرته للعالم).تتبع هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي. فمن جهة، تستند إلى بيانات معجم الألوان لعبد الوهاب شيخاني، الذي يقدم وصفًا تفصيليًا لمصطلحات الألوان في اللغة الكردية. ومن جهة أخرى، وبأسلوب علمي وباستخدام أدوات نظرية الصرف الموزع، نجري تحليلًا صرفيًا دلاليًا للبنى اللغوية لشرح كيفية تكوين هذه الكلمات على مستوى المورفيمات والجذور.

**مۆرفۆ-سیمانتیکی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا (بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژی دابەشکراو  DM)**

# التمثل المورفو-سنتكسي لمصطلحات الألوان في اللغة الكوردية: رؤية في ضوء نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM)


**پ.ی.د.لیلی جلیل عباس**

**زانکۆی کەرکوک - کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**- بەشی زمانی کوردی**

dalyaa829@gmail.com



**- پوختە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خەسڵەتە مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکییەکانی زاراوە و پێکهاتە ڕەنگییەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دەکۆڵێتەوە ، ئەمەش لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM). لێکۆڵینەوەکە بەرەنگاری تێڕوانینە باو و کلاسیکییەکان دەبێتەوە کە ڕەنگەکان وەک ئاوەڵناوی جێگیر تەماشا دەکەن . لە بەرامبەردا ئەو پێشنیازە دەخاتە ڕوو کە ڕەگی ڕەنگەکان لە بنەڕەتدا بێلایەنن (Root) و شوناسی سینتاکسی و سیمانتیکیی خۆیان لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ ( سەرە ) فەرمانییە پێکهاتەییەکاندا بەدەست دەهێنن . لێکۆڵینەوەکە سێ ڕەهەندی سەرەکی دەپشکێنێت: جێگیرکردنی چەمکیی ڕەنگەکان لە زاراوەکانی ئاژەڵداری و ژینگەییدا ، گۆڕانی ڕەنگەکان بۆ کردار لە ڕێگەی دروستە ناتەواوەکان و هۆکارەییەکانەوە ، و نواندنی سیمبولیی ڕەنگەکان لە شیعری کوردیدا (نالی، مەحوی، گۆران) . ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنن کە زاراوە و پێکهاتە ڕەنگییەکان لە زمانی کوردیدا خاوەنی تایبەتمەندیی (داخڵکردنی درەنگوەخت) و (دەوروبەری سینتاکسی)ین ،کە تێیدا فەرهەنگی ئاوەزی و دارشتنی سینتاکسی کارلێک دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی واتای ئاڵۆزی ئیدیۆمی و خوازراو. پاشان گەیشتین بەو ئەنجامەی کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی خاوەنی ئاستێکی بەرزی ئاگایی مۆرفۆلۆژین ،کە ڕێگەیان پێ دەدات بە شێوازێکی داینامیکی یەکە زمانییە ڕەنگییەکان هەڵبوەشێننەوە و دووبارە دایانبڕێژنەوە.

وشە کلیلەکان: مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM)، زاراوە و پێکهاتە ڕەنگییەکان، زمانەوانیی کوردی، ڕەگە بێلایەنەکان، مۆرفۆلۆژی - سینتاکس، جێگیرکردنی چەمکی.


**- پێشەکی :**

- زەمینەی توێژینەوە و گرنگیی بابەتەکە :

ڕەنگ تەنها دیاردەیەکی فیزیکی نییە کە پەیوەست بێت بە تیشک و وەرگرتنی شەپۆلە گۆشەنیگاییەکانەوە، بەڵکو یەکێکە لە قووڵترین کایەکانی فەلسەفەی زمان و مەعریفە. لە فەلسەفەی زماندا ڕەنگەکان وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ پەیوەندیی نێوان جیهانی دەرەوە و مێشکی مرۆڤ سەیر دەکرێن. فەیلەسووفی ناودار ( لودڤیگ ویتگنشتاین ) لە کتێبی تێبینییەکان لەسەر ڕەنگ (Remarks on Colour, 1977) ئاماژە بەوە دەکات کە چەمکی ڕەنگ تەنها وەسفی ڕوکاری شتەکان نییە بەڵکو بەشێکە لە یارییە زمانییەکان ( Language Games). بە واتایەکی تر هەر نەتەوەیەک بەپێی پێویستیی کەلتووری و ژینگەیی خۆی نەخشەی ڕەنگ لە مێشکیدا دادەڕێژێتەوە و واتا و مۆرفیمی تایبەتی بۆ دادەتاشێت .

لەم سۆنگەیەوە ڕەنگەکان لە زمانی کوردیدا تەنها کەرەستەی جوانکاری یان وەسفیی ڕووت نین بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزی مۆرفۆ-سیمانتیکین کە لەناو کەلتوور و ژینگەی نەتەوەی کورددا ڕەگیان داکوتاوە. زمانی کوردی بەهۆی دەوڵەمەندیی ژینگەیی مێژووی دووردرێژی ئاژەڵداری و ژیانی کوێستانی خاوەنی کۆمەڵە تێرمێکی ڕەنگە کە لە زۆرێک لە زمانە جیهانییەکاندا هاوتایان نییە . بۆ نموونە ئەو وردەکارییەی کورد لە جیاکردنەوەی ڕەنگی ئاژەڵاندا هەیەتی وەک لە ( فەرهەنگی ڕەنگ - ٢٠٠٥ )ی مامۆستا عەبدولوەهاب شێخانیدا هاتووە ئەوە


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەسەڵمێنێت ،کە ڕەنگ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێویستیی ( کارکرد و دیدی جیهانبینیی ) مرۆڤی کوردەوە هەیە.
گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات ئەم دەوڵەمەندییە فەرهەنگی و فۆلکلۆرییەی لە فەرهەنگەکەی شێخانیدا کۆکراوەتەوە ، لە شێوازێکی مۆدێرنی زمانەوانیدا کە ئەویش تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراوە (Distributed Morphology - DM) دابڕێژێتەوە. بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە کە لە لایەن (Halle and Marantz, 1993) پەرەی پێ دراوە وشەکان لە ئەنجامی یەکگرتنی ڕەگە بێ ناسنامەکان (Roots) لەگەڵ پاشگرە کارگێڕەکاندا دروست دەبن . لێرەدا ئێمە ڕەنگ لە ئاستی وشەی سادەوە دەگوازینەوە بۆ ئاستی مۆرفیم و پێکهاتەی سینتاکسی تا بزانین چۆن مێشکی مرۆڤی کورد لە ڕێگەی پرۆسەی داخڵکردنی درەنگوەخت (Late Insertion) باشترین یەکەی فۆنۆلۆژی بۆ وەسفکردنی دیاردە ڕەنگییەکان هەڵدەبژێرێت.
- کێشەی توێژینەوە (Problem Statement) :
کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە تا ئێستا زۆربەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان لەسەر ڕەنگ تەنها لە ڕوانگەی واتاسازیی گشتی یان ئەدەبییەوە بووە . لێرەدا کێشەی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) ڕەنگە دەگمەنەکان وەک: ( مجاغ ، غەر ، قولە مەسی ) وەک کێشەیەکی زمانەوانیی سەردەم دەخرێتە ڕوو .
هەروەها وەڵامی ئەم پرسیارانەش دەداتەوە :
- ئایا ئەمانە تەنها یەکەی فەرهەنگین یان دەرەنجامی کارلێکی مۆرفۆلۆژی و ژینگەیین؟ هەروەها چۆن تیۆری( DM ) دەتوانێت شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ ئەو پلەبەندییە ڕەنگییانە بکات کە مامۆستا شێخانی لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی پێ کردوون وەک: ( باف-سورە، سوور-واش )؟ .
- میتۆدی توێژینەوە :
ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری (Descriptive Analytical Method) پەیڕەو دەکات. لە لایەکەوە بە پشتبەستن بە داتاکانی ( فەرهەنگی ڕەنگ )ی مامۆستا عەبدولوەهاب شێخانی کە وەسفێکی وردی تێرمە ڕەنگییەکان دەکات لە زمانی کوردیدا. لە لایەکی دیکەوە بە شێوازێکی زانستی و بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو ( Distributed Morphology)، شیکارییەکی ( مۆرفۆ - سیمانتیکی ) بۆ پێکهاتەکان ئەنجام دەدەین تا چۆنیەتی دروستبوونی ئەو وشانە لە ئاستی مۆرفیم و ڕەگدا ڕوون بکەینەوە .
- سنووری توێژینەوە :
سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەندێکدا دیاری دەکرێت:
١. سنووری زمانەوانی: تەنها جەخت لەسەر دیالێکتی ناوەڕاست دەکرێتەوە وەک چوارچێوەی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان.
١. سنووری بابەتی: توێژینەوەکە تەنها ئەو وشانە دەگرێتەوە کە گوزارشت لە ڕەنگ و پلەبەندییەکانی ڕەنگ دەکەن بەتایبەت ئەو تێرمانەی پەیوەستن بە ژینگەی ئاژەڵداری و فۆلکلۆری کوردییەوە.
١. سنووری تیۆری: شیکردنەوەکان تەنها لە چوارچێوەی بنەماکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM)دا ئەنجام دەدرێن.
- ئامانجی توێژینەوە :

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی سەرەکی دەپێکێت:
١. خستنەرووی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی لە کایەی ڕەنگەکاندا بە شێوازێکی مۆدێرن.
١. چەسپاندنی بنەماکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو لەسەر داتا کوردییەکان بۆ دەرخستنی توانای زمانەکە لە دروستکردنی واتای نوێ.
١. شیکردنەوەی ئەو تێرمە دەگمەنانەی کە لە فەرهەنگی شێخانیدا هاتوون و تا ئێستا لە ڕووی ( مۆرفۆ سیمانتیکی )یەوە کاریان لەسەر نەکراوە.
١. دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕەگی وشەکان و ئەو واتایە فەلسەفی و دەروونیانەی کە لە مێشک و کەلتووری کوردیدا وەریانگرتووە.
- کلیلی وشەیی :
ڕەگ (Root) ، مۆرفۆ سیمانتیک، فەرهەنگی شێخانی، دیالێکتی ناوەڕاست، وشەسازی، واتاسازیی فۆلکلۆری، داڕشتنی وشە، مۆرفیمە کارگێڕەکان.

**بەشی یەکەم :**

**١,١. بنیادنانی مۆرفیم لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا :**

تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (Distributed Morphology) گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنمان بۆ مۆرفیم و وشەسازی دروست کرد بە جۆرێک وشەسازی و ڕستەسازی وەک یەک سیستەمی یەکگرتوو سەیر دەکرێن و مۆرفیمەکان لەناو خودی ( سینتاکس )دا بنیاد دەنرێن (Halle and Marantz, 1993, p. 112). لێرەدا مۆرفیم تەنها یەکەیەکی فەرهەنگیی جێگیر نییە ، بەڵکو کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی ئەبستراکتە کە بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا دابەش دەبێت . ناوەکیترین یەکەی ئەم بنیادنانە بریتییە لە ڕەگ (Root) کە بە نیشانەی ( ${sqrt{Root\$ ) دیاری دەکرێت . ڕەگ لەم دیدگایەدا بنەڕەتیترین یەکەی واتاییە و هیچ ناسنامەیەکی ڕێزمانیی وەک ( ناو ، کار ) یان سیفەتی نییە (Embick, 2015, p. 32). ڕەگ تەنها ناوەرۆکێکی واتاییە کە لە فەرهەنگەوە دێت و چاوەڕێی پرۆسەی سینتاکسی دەکات ، تا لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ مۆرفیمە ( ئەرکییەکاندا- Functional ) ناسنامەی بۆ دیاری بکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە ڕەگەکان تەنها کاتێک دەبنە خاوەن ناسنامەی ڕێزمانی کە لەگەڵ مۆرفیمە ئەرکییە پۆلێنکەرەکاندا (Functional Categorizers) یەک دەگرن کە بریتین لە (n) بۆ دروستکردنی ناو ، (v) بۆ کار ، و (a) بۆ سیفەت (Harley, 2014, p. 228). بۆ نموونە ئەگەر ڕەگی ( ${sqrt{SOR\$ ) وەک نوێنەری چەمکی ڕەنگی سوور لە زمانی کوردیدا وەر بگرین ئەم ڕەگە تەنها لە ڕێگەی یەکگرتنی لەگەڵ مۆرفێمی ئەرکی (a) دەبێتە سیفەتی (سوور) یان لەگەڵ مۆرفێمی ئەرکی (n) دەبێتە ناوی (سووراتی) ( Halle and Marantz, 1993, p. 120). ئەم پرۆسەیە دەیسەلمێنێت وشە پێکهاتەیەکی پلەبەندیی (Hierarchical) هەیە و مێشک سەرەتا ڕەگی واتایی هەڵدەبژێرێت و پاشان لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی سینتاکسییەوە ناسنامەی ئەرکی بۆ دیاری دەکات (Marantz, 1997, p. 204). ئەم تێگەیشتنە زانستییە بناخەیەکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی تێرمە ڕەنگییەکانی ناو فەرهەنگی شێخانی ، چونکە ڕێگەمان پێ دەدات لەوە تێبگەین چۆن ڕەگێکی وەک ( مس ) یان (بۆر ) لە پرۆسەیەکی مۆرفۆ سینتاکسیدا دەبنە ناسێنەری ڕەنگە دەگمەنەکانی ئاژەڵ و ژینگە لە کوردەواریدا.

**١,٢. پرۆسەی داخڵکردنی درەنگوەخت (Late Insertion) و میکانیزمی هەڵبژاردنی بڕگە فەرهەنگییەکان :**

یەکێک لە بنەما هەرە جیاواز و جەوهەرییەکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM) لە چاو قوتابخانە زمانەوانییەکانی دیکە، بریتییە لە چەمکی داخڵکردنی درەنگوەخت ( Late Insertion) . بەپێی ئەم بنەمایە مۆرفیمەکان لە قۆناغی سەرەتای ڕستەسازیدا هیچ ناوەڕۆکێکی دەنگی یان فۆنۆلۆژییان نییە بەڵکو تەنها کۆمەڵە نیشانەیەکی ئەبستراکتن ( Abstract Features) کە وەک ( گۆشەیەکی بەتاڵ ) لە پێکهاتەی ڕستەدا دەردەکەون . تەنها دوای ئەوەی ڕستەسازی کارەکانی خۆی تەواو دەکات و پێکهاتەکان ڕێکدەخرێن ، ئینجا فۆرمە دەنگییەکان لە فەرهەنگەوە دێن و ئەم گۆشە ئەبستراکتانە پڕ دەکەنەوە ( Halle and Marantz, 1993, p. 114). ئەم پرۆسەیە پشت بە میکانیزمێکی ئاڵۆز دەبەستێت کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

سەرەتا بڕگەکانی فەرهەنگ (Vocabulary Items - VIs) دێن کە بریتین لەو پەیوەندییە جێگیر و فەرمییەی لەنێوان نیشانە ئەبستراکتەکان و فۆرمە دەنگییەکاندا هەیە. لە ڕاستیدا هەر ( بڕگەیەکی فەرهەنگی ) وەک یاسایەک کار دەکات بۆ داریکردنی ئەوەی چ فۆرمێکی دەنگی بۆ چ بارودۆخێکی ڕێزمانی یان واتایی گونجاوە (Embick, 2015, p. 54). بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا گوزارشتکردن لە ڕەنگی سوور بەستراوەتەوە بە هەبوونی نیشانەکانی وەک [Color, +Red+] لەناو ڕستەسازیدا کە دەبێتە هۆی بانگهێشتکردنی فۆرمی دەنگی /سوور - soor/. بەڵام دەبێت ئەوە بزانیین کە ئەم پرۆسەیە تەنها گواستنەوەیەکی سادە نییە ، بەڵکو پشکنینێکی وردی نیشانەکانە (Feature Checking) تا دڵنیابین لەوەی وشەکە بە تەواوی لەگەڵ واتا و مەبەستی ڕستەکەدا دەگونجێت (Harley and Noyer, 1999, p. 4).

لە لایەکی دیکەوە ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی بنەمای گشتگیری (The Subset Principle)ەوە ڕێکدەخرێت. ئەم بنەمایە وەک دادوەرێک کار دەکات . کاتێک بۆ پڕکردنەوەی یەک گۆشەی ئەبستراکت لە ڕستەدا ، چەندین وشەی فەرهەنگی کێبڕکێ دەکەن . بەپێی ئەم یاسایە ئەو بڕگەیەی کە زۆرترین نیشانەی هاوبەشی لەگەڵ گۆشە ئەبستراکتەکەدا هەبێت و هیچ نیشانەیەکی دژبەیەکیشی تێدا نەبێت دەبێتە براوە و داخڵی پێکهاتەکە دەبێت ( Halle, 1997, p. 428 ) . ئەم خاڵە لە شیکردنەوەی فەرهەنگی ڕەنگی کوردیدا ڕەهەندێکی زۆر گرنگ دەپێکێت . چونکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆچی کورد بۆ ڕەنگی مەڕ ناڵێت (سپی) بەڵکو وشەی (مس ) یان (بۆر ) بەکاردێنێت . وشەی (سپی) وەک ( بڕگەیەکی گشتی ) ( Default Item) کار دەکات کە تەنها نیشانەی [White+]ی هەڵگرتووە ، بەڵام وشەی (مس) بڕگەیەکی تایبەتمەندە و نیشانەی زیاتری تێدایە وەک [Color, +White, +Sheep+]. لێرەدا بەپێی بنەمای گشتگیری وشە تایبەتمەندەکە پێش وشە گشتییەکە دەکەوێت ، چونکە زانیاریی چڕوپڕتر دەبەخشێتە خوێنەر یان بیسەر (Embick and Noyer, 2007, p. 297). ئەم پرۆسەی کێبڕکێیە (Competition) لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا ، ئەوە دەردەخات ، کە چۆن سیستەمی زمانی کوردی بە شێوەیەکی زۆر ورد و زانستی مۆرفیمەکان بۆ وەسفکردنی ژینگە و ئاژەڵداری دابەش دەکات .

**١,٣. سیمانتیکی ڕەنگ و پۆلێنە جیهانییەکان لە دیدگای مۆرفۆلۆژیی دابەشکراوەوە :**

لە فەلسەفەی زمان و ( زمانەوانیی ناسیندا ) پۆلێنکردنی ڕەنگەکان وەک یەکێک لە کایە هەرە جێناکۆکەکان سەیر دەکرێت. تیۆرییە کلاسیکییەکانی وەک (Berlin and Kay, 1969, p. 4) پێیان وایە کە هەموو زمانەکان خاوەنی کۆمەڵە ڕەنگێکی بنەڕەتین (Basic Color Terms) کە بە شێوەیەکی گەردوونی و لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا پەرەدەسێنن . بەڵام داتاکانی زمانی

کوردی وەک ئەوەی لە ( فەرهەنگی ڕەنگ )ی مامۆستا عەبدولوەهاب شێخانیدا (٢٠٠٥) هاتووە ، ئەوە دەردەخەن ، کە زمانی کوردی خاوەنی سیستەمێکی تایبەتمەندە کە تێیدا ( مۆرفۆلۆژی و سیمانتیک) بە شێوەیەکی دابەشکراو کار دەکەن بۆ دیاریکردنی وردترین پلەی ڕەنگ و واتا . ئەم پرۆسەیە لە چەند ئاستێکی ئاڵۆزدا کورت دەبێتەوە کە تێیدا مۆرفیمە ئەرکییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دیاریکردنی پلەی تێربوونی ڕەنگ (Intensity). بۆ نموونە : ڕەگی ڕەنگەکان لە زمانی کوردیدا تەنها وەک سیفەتی سادە نامێننەوە ، بەڵکو لە ڕێگەی مۆرفیمە پاشگرەکانی وەک ( واش ، هۆڵ ، ئامال) پلەی تێربوونی ڕەنگەکە دەگۆڕدرێت. ئەم پاشگرانە کە لەو وشانەی وەک (سوور-واش،
سوور-هۆڵ، سوور-ئامال)دا دەردەکەون ، لە ڕووی ( مۆرفۆ-سینتاکسی )یەوە ، وەک (Degree Heads) شیکاریان بۆ دەکرێت (Embick, 2015, p. 82). ئەم مۆرفیمانە لە قۆناغی داخڵکردنی درەنگوەختدا (Late Insertion) نیشانەی وەک [Approximation+] بۆ ڕەگەکە زیاد دەکەن ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە مێشکی مرۆڤی کورد ڕەنگەکان وەک پێکهاتەی ئاڵۆزی مۆرفۆلۆژی بنیاد دەنێت نەک تەنها وەک وشەی سادەی فەرهەنگی.
لە لایەکی دیکەوە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی لەوەدا دەردەکەوێت کە بۆ یەک ڕەنگی بنەڕەتی (وەک سوور یان ڕەش) چەندین بڕگەی فەرهەنگی (Vocabulary Items) هەن کە بەپێی نیشانەی ئاژەڵەکە دەگۆڕێن. بۆ نموونە، بەکارهێنانی تێرمی ( مچاخ ) بۆ ڕەنگی بزن ( مچاخ : ڕەشانی بناگوێ سوور یان زەرد )،( فەرهەنگی ڕەنگ ، ل٣٠٦ ) یان (سوور-بۆر) بۆ ولاغ ، نیشانەی ئەوەیە کە پرۆسەی داخڵکردنی وشە لە کوردیدا تەنها بەپێی تیشکی فیزیکی نییە بەڵکو بەپێی نیشانەی جۆری بوونەوەرەکەش [Species+] دیاری دەکرێت ( Halle and Marantz, 1993, p. 122) . ئەم داتایانە کە مامۆستا شێخانی (٢٠٠٥ ، ل ٢٩٧-٣٠٨ ) بە وردی کۆی کردوونەتەوە ، وەڵامێکی بەهێزن بۆ تیۆرییە جیهانییەکان کە ڕەنگ تەنها بە وەسفی تیشک دەبینن . چونکە لە زمانی کوردیدا ڕەنگ بەشێکە لە ناسنامەی ژینگەیی و ئاژەڵداری. هەروەها ئەم پرۆسەیە لە ئاستی ئیدیۆم و پەندە فۆلکلۆرییەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە کە لە تیۆری (DM)دا وەک پێکهاتەی (Encyclopedic List) پۆلێن دەکرێن ( Marantz, 1997, p. 206). داتاکانی وەک (ڕەنگی بێ ڕەنگ) یان (ڕەنگی تاڵ و ڕەنگی مردوو یان ڕەنگی ژیان ) لای شاعیرانی کورد ئەوە دەردەخەن ، کە ڕەگی ڕەنگەکان لە کوردیدا دەتوانن واتای دەروونی و فەلسەفی وەربگرن کاتێک لە ژینگەیەکی مۆرفۆلۆژیی تایبەتدا (Contextual Allosemy) دەردەکەون (Harley, 2014, p. 240). بەم شێوەیە سیمانتیکی ڕەنگ لە کوردیدا سیستەمێکی دابەشکراوە کە تێیدا ڕەگی وشە ئەرکییەکان و ژینگەی بەکارهێنان پێکەوە وردترین واتای زمانەوانی بەرهەم دەهێنن.

**١,٤. تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و دیاردەی (Suppletion) و (Allomorphy) لە تێرمە ڕەنگییەکاندا :**

زمانی کوردی وەک زمانێکی گشتگیر لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە خاوەنی چەندین دیاردەی ئاڵۆزە کە لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM) دەبنە جێگەی بایەخ . یەکێک لەو دیاردانە بریتییە لە جێگرتنەوەی ڕەگ (Suppletion) کە تێیدا یەک چەمکی واتایی لە چەند ژینگەیەکی مۆرفۆلۆژیی جیاوازدا و بە چەند ڕەگێکی جیاواز دەردەکەوێت ( Embick, 2015, p. 95). لە داتاکانی ( فەرهەنگی ڕەنگ )ی شێخانیدا (٢٠٠٥) ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە ڕەنگی (شین)دا دەردەکەوێت . کاتێک وشەی (شین) وەک ڕەنگێکی گشتی بەکاردێت . بەڵام لە کاتی

وەسفی ئاژەڵ یان ژینگەی گەرمیاندا ڕەگی (کەو ، کەوگ ) جێگەی دەگرێتەوە. ئەم جێگرتنەوەیە لە تیۆری (DM)دا بەوە شیکار دەکرێت کە مێشک لە کاتی هەبوونی نیشانەی [Environment, +Warm+] بڕگەی فەرهەنگیی (کەو) بەسەر (شین)دا هەڵدەبژێرێت ، چونکە نیشانەی تایبەتمەندتری تێدایە (Halle and Marantz, 1993, p. 125).

دیاردەیەکی دیکەی گرنگ بریتییە لە ( فرە-فۆرمی - Allomorphy) کە تێیدا یەک مۆرفیم بە چەند شێوازێکی دەنگیی جیاواز دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی ماناکەی بگۆڕێت. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمەکانی پلەبەندیی ڕەنگ (Color Modifiers) نموونەی هەرە دیاری ئەم دیاردەیەن . بۆ نموونە : پاشگرەکانی وەک (واش) لە وشەی (بۆر - واش) و ( ئاماڵ ) لە وشەی (بۆر -ئاماڵ) ، یان ( سپی - واش ، سپی - ئاماڵ )دا وەک ئالۆمۆرفی یەکتر کار دەکەن بۆ دیاریکردنی پلەی گوماناویی ڕەنگەکە (شێخانی، ٢٠٠٥،ل٣٠٥). لە ڕووی تیۆرییەوە ئەمە بە ( Contextual Allomorphy) دەناسرێت ، کە تێیدا فۆرمی دەنگیی مۆرفیمەکە بەپێی ئەو ڕەگەی پێوەی دەلکێت دیار دەکرێت تا هاوسەنگیی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکی وشەکە بپارێزرێت ( Harley and Noyer, 1999, p. 6).هەروەها جێی ئاماژە پێدانە کە زمانی کوردی پرۆسەی ( Late Insertion) بە شێوەیەکی چڕوپڕتر بەکاردێنێت بۆ جیاکردنەوەی ڕەنگی (نێر و مێ) لە ئاژەڵاندا ، کە ئەمەش لە زۆرێک لە زمانە ئەورووپییەکاندا بوونی نییە. بۆ نموونە وەک شێخانی (٢٠٠٥، ل٤٩) ئاماژەی پێ کردووە بۆ باڵندەی نێر وشەی (سوور) و بۆ مێ (بۆر) یان (بۆرا) بەکاردێت. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراوی کوردیدا نیشانەی ڕەگەز [Gender+] کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەڵبژاردنی فۆرمی دەنگیی ڕەنگەکە لە فەرهەنگدا . ئەم کارلێکە بەهێزەی نێوان نیشانە ڕێزمانییەکان و یەکە فەرهەنگییەکان (Interface) نیشانەی سیستەمێکی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) پێشکەوتووە کە تێیدا ( واتا و فۆرم ) بە شێوەیەکی تەواو زانستی دابەشکراون (Embick and Noyer, 2007, p. 302).

٢,١. شیکردنەوەی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) ڕەنگەکان و میتۆدی تێهەڵکێشی بیرۆکەیی لە تێرمە ژینگەیی و ئاژەڵدارییەکاندا :

لە زمانی کوردیدا پرۆسەی نەخشاندنی ڕەنگەکان تەنها وەسفێکی فیزیکیی ڕووت نییە. وەک ( پ.د .مستەفا زەنگەنە ) ئاماژەی پێ داوە ( زەنگەنە،٢٠٠٥،ل١٣). بەڵام هەرچەندە ڕەنگەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە شەپۆلەکانی تیشکەوە هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردە فیزیکییە کاتێک دەچێتە ناو زمانی کوردییەوە پرۆسەی (تێهەڵکێشی مێشکی - Intellectual Insertion)ی بەسەردا دێت. لەم بوارەشدا (ئیسماعیل محەمەد، ٢٠١٥، ل٢٢) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ،کە مێشک لە نێوان فۆرم و واتادا هاوسەنگیی دروست دەکات . واتە فۆرمی ڕەنگەکە تەنها ئاماژە بۆ شەپۆلێکی ڕووناکی ناکات ، بەڵکو مێشک واتایەکی کولتووری یان دەروونی دەخاتە ناو مۆرفیمەکەوە . لە دیدگای مۆرفۆلۆژیی دابەشکراوەوە (DM) ئەم تێهەڵکێشکردنە لە کاتی دیاریکردنی ڕەگی وشەکاندا ( sqrt{Root ) ڕوودەدات کە تێیدا واتا مێژوویی و ژینگەییەکان دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە فۆرمە دەنگییەکە . ئەم سیستەمی نواندنە (Representation System) ڕێگە بە مرۆڤی کورد دەدات مۆرفیمەکان بەپێی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا دەینوێنێن بگۆڕێت (فەتاح،٢٠١٥،ل٥٨) .

بۆ نموونە شیکردنەوەی تێرمی (ڕەشکەی کا ) ئەوە نیشان دەدات کە چۆن مێشکی مرۆڤی کورد مۆرفیمی تایبەتی بۆ هەڵاوێرکردنی پلەی تێربوونی ڕەنگ تێهەڵکێش کردووە. لێرەدا وشەکە وەک (Vocabulary Item) پاشەکەوت کراوە کە هەڵگری نیشانەکانی (+ ,Color, +Black

+Intensity, +Contextual)ە . بەپێی تیۆری (Subset Principle) مێشک ئەم تێرمە وردە هەڵدەبژێرێت ، چونکە زانیاریی زۆرتر و چڕتر بە دەستەوە دەدات وەک لە وشە گشتییەکانی وەک (ڕەش) (Halle - Marantz, 1993). ئەم گۆڕانە لە فۆرمەوە بۆ واتای میتافۆری و واتای ژێرەوە ، وەک لە ئیدیۆمی ( چنگ ڕەش )دا دەردەکەوێت (زەنگەنە، ٢٠٠٥، ل. ١٠١) . ئەنەش ئەوە نیشان دەدات کە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی سیستەمێکی کراوەیە و دەتوانێت ڕەگە فیزیکییەکان بۆ مەبەستی دەروونی دووبارە ڕێکبخاتەوە (Late Insertion).
لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دەوڵەمەندییەی لە ( فەرهەنگی ڕەنگ )ی (شێخانی، ٢٠٠٥)دا هاتووە، سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕەگەکانی ( ڕەنگ ) لە زمانی کوردیدا تەنها یەکەیەکی جێگیر نین ، بەڵکو خاوەنی گۆڕانی پۆلی وشەن (Word Class Change) . کاتێک پێکهاتەی وەک (قورقوشمی) یان (بۆرا) بەکاردێت ، جۆرێک لە گواستنەوەی تایبەتمەندی ڕوودەدات کە تێیدا مۆرفیمەکە لە ئاستی ئاوەڵناوێکی جێگیرەوە دەگۆڕێت بۆ وەسفێکی سیمانتیکی کە ئەرکێکی ڕستەسازیی دیاریکراو وەردەگرێت (فەتاح، ٢٠١٥، ل٩٣). ئەم پرۆسەیە لە تێرمە ئاژەڵدارییەکانی وەک ( قولە مەس )دا بە ڕوونی دەردەکەوێت . واتە ( قولە مس : سپیانی ، خوری سپی جگە لە سووری دەم و چاوی خەتی ڕەش یا زەردی هەبێت ) ، ( شێخانی ، ٢٠٠٥،ل٣٠٤ ) . لێرەدا ڕەگی ڕەنگەکە کۆپی دەکرێت بۆ سەر ڕەگەزی ئاژەڵەکە ، تاوەکو پلەی تێربوونی لە ئاستی سینتاکسدا جێگیر بێت (واڵی، ٢٠٢٣،ل.٩٥). بەم شێوەیە ڕەنگ لە لە زمانی کوردیدا لە ئاستی وشە دەردەچێت و دەبێتە تۆڕێکی ئاوەزی (Mental Network) کە تێیدا هەر مۆرفیمێک وەک هێمایەکی ناسنامەیی و فیزیکی و کەلتووری کار دەکات (واڵی، ٢٠٢٣، ل. ١٤٢).

**بەشی دووەم:**

— لایەنی پراکتیکی و شیکردنەوەی داتاکان :

**٢,١. شیکردنەوەی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) ڕەنگە بنەڕەتییەکان و پلەبەندییەکانیان :**

لە زمانی کوردیدا ڕەنگە بنەڕەتییەکانی وەک (سوور ، شین ، زەرد ، ڕەش) وەک کۆمەڵە ڕەگێکی ڕووت ( {sqrt{Root ) کار دەکەن ،کە لە قۆناغی داخڵکردنی درەنگوەختدا ( Late Insertion) فۆرمە دەنگییەکانیان وەردەگرن. بەپێی داتاکانی ( فەرهەنگی ڕەنگ ) لە زمانی کوردیدا (شێخانی، ٢٠٠٥) ئەم ڕەگانە بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی لەناو سیستەمی مۆرفۆلۆژیدا گەشە دەکەن . یەکێک لە دیارترین پرۆسە پراکتیکییەکان لەم بەشەدا بریتییە لە دیاردەی پلەبەندیی ڕەنگ (Color Gradation) کە لە ڕێگەی لکاندنی مۆرفێمی ( Degree Categorizers) ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە شیکردنەوەی تێرمەکانی وەک ( سوور-هۆڵ ) یان (سوور-واش) ئەوە دەردەخەن کە ڕەگی ( {sqrt{SUR )کاتێک لەگەڵ مۆرفیمی (هۆڵ) یان (واش) یەک دەگرێت نیشانەیەکی سیمانتیکی نوێ وەردەگرێت کە ئاماژەیە بۆ (نزیکبوونەوە لە ڕەنگەکە بەڵام نەک بە تەواوی). ئەمەش لە تیۆری دابەشکراودا بەوە شیکار دەکرێت کە مێشکی مرۆڤی کورد نیشانەی [Approximation+] بۆ ڕەگەکە زیاد دەکات پێش ئەوەی فۆرمە دەنگییەکە لە فەرهەنگەوە وەربگرێت ( Halle and Marantz, 1993, p. 118). شێخانی (٢٠٠٥، ل. ٢٥) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پلەبەندییانە تەنها بۆ جوانی نین بەڵکو بۆ جیاکردنەوەی وردی دۆخی شتەکانە ، بۆ نموونە (برنجی باف- سوور) جیاوازە لە (برنجی مەیلەو-سوور). لێرەدا مۆرفیمەکانی (باف) و (مەیلەو) وەک ( سەرە )ی پێکهاتەی پلە

(Degree Heads) کار دەکەن و ڕێگە بە زمان دەدەن کە بێسنوور تێرمی نوێ بۆ ڕەنگە تێکەڵەکان دروست بکات.

جگە لەوەش داتاکانی فەرهەنگەکە ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەگەکانی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا دەتوانن ببنە (کار)یش وەک (سوور-بوون ، زەرد-بوون ). ئەمەش لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕەگەکان لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا بێ ناسنامەن و تەنها لە ڕێگەی کارگێڕی (v)ەوە دەبنە کار (Embick, 2015, p. 38). کاتێک مامۆستا شێخانی (٢٠٠٥، ل. ١٠١) باس لە (ئەستێرە کاڵبوونەوە) دەکات، ئەمە نیشانەی گۆڕانی ڕەگێکی سیفەتییە بۆ پێکهاتەیەکی کاری کە تێیدا ڕەنگی ئەستێرەکە لە دۆخێکی جێگیرەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی داینامیکی . ئەم توانایە بۆ گۆڕانی ناسنامەی ڕێزمانی نیشانەی نەرمی و دەوڵەمەندیی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراوی زمانی کوردییە بەرامبەر بە دیاردەی ڕەنگەکان.

**٢,٢. داڕشتنی ڕەنگ وەک کردار:**

شیکردنەوەیەکی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسیی ) بەرفراوانە : لەم پارەدا گۆڕانی ڕەنگ لە پۆلی ئاوەڵناوە لێکسیمییەکانەوە بۆ پۆلی کردار شرۆڤە دەکەین ،کە ئەمەش گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە ئاستی فەرهەنگی ئاوەزی و ڕێزمانی کوردیدا.

**٢,٢,١. ڕەگەزە ڕەنگییەکان و مۆرفۆلۆژیی گۆڕان :**

لە زمانی کوردیدا ڕەنگەکان وەک یەکەیەکی ستاتیکی جێگیر نامێننەوە بەڵکو سیستەمی زمان ڕێگە دەدات ڕەگەکانی ڕەنگ بچنە ناو کایەی ( کردە و ڕووداو )ەوە . بەپێی بنەماکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM) هەر ڕەگێکی ڕەنگ وەک (سپی) یان (ڕەش) یان (شین) لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بە نیشانەی دیاریکراو پۆلێن کراوە . کاتێک ئەم ڕەگە (Root) دەلکێت بە مۆرفیمێکی بەکردارکەر (Verbalizer) کە بە (v) هێما دەکرێت پێکهاتەیەک بەرهەم دێت کە ئەرکەکەی لە وەسفی شێوەوە دەگۆڕێت بۆ گوزارشتکردن لە ڕووداو (Event) . ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ژینگەی دەروونی و فیزیکییەوە هەیە . مێشکی مرۆڤی کورد کاتێک پێکهاتەی وەک (سوور بووەوە) بەکاردێنێت ،تەنها مەبەستی ڕەنگدانەوەی فیزیکی نییە بەڵکو وێنەیەکی ( مۆرفۆلۆژی - سیمانتیکی ) (محەمەد، ٢٠١٥،ل٧٤) دەخاتە ڕوو کە گوزارشت لە (شەرم) یان (تووڕەیی) دەکات. ئەم کارلێکە وەک لە توێژینەوەکەی (فەتاح،٢٠١٥،ل٩٢)دا جەختی لێ کراوەتەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە زمانی کوردی زمانێکی ( کردار-سەنتەرە ) و سوود لە هەر مۆرفیمێکی فەرهەنگی وەردەگرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕستەسازی ،کە ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینە گشتییەکانی (واڵی،٢٠٢٣،ل١١٥)دا یەکدەگرێتەوە سەبارەت بەوەی کە دروستە زمانەوانییەکان لە ناو پرۆسەی سینتاکسدا بونیاد دەنرێن.

**٢,٢,٢. کرداری لێکدراوی ناتەواو (Inchoative Construction) :**

ئەم پێکهاتەیە یەکێکە لە ڕبایەخترین کایەکانی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی )زمانی کوردی لە بواری ڕەنگدا ، کە تێیدا ڕەنگی ئاوەڵناو لەگەڵ مۆرفیمی (بوون) یان (هەڵگەڕان) تێکەڵ دەبێت. لەم قۆناغەدا کردارەکە بەرکاری نییە و تەنها گۆڕانی حاڵەتی بکەر نیشان دەدات . لێرەدا ڕەگی ڕەنگەکە بۆ نموونە: ( شین) وەک ناوکێکی سیمانتیکی کار دەکات. کاتێک دەڵێین (دەستی شین بوون ) مۆرفیمی (بوون) ئەرکی گۆڕانی شوناس دەگێڕێت. بەپێی دیدگا تیۆرییەکانی (واڵی،٢٠٢٣،ل١٤٢) ئەم کردارانە لە چوارچێوەی دیاردەی پلەبەندیدا (Gradability) کار دەکەن . واتە (شین بوونەوە) تەنها گۆڕان نییە بەڵکو گەیشتنە بە پلەیەکی دیاریکراو لە ڕەنگ کە مێشک پێشتر وەک تێهەڵکێشی بیرۆکەیی نەخشاندوویەتی . یاخود نموونەی وەک (زەرد

هەڵگەڕان) لە ئاستی کارلێکی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکس )دا جیاوازە لە ( زەرد بوون ) . مۆرفێمی (هەڵگەڕان) نیشانەیەکی ڕووکارەکەی (Aspectual) لەخۆگرتووە کە گوزارشت لە گۆڕانێکی لەپڕ یان نائاسایی دەکات ،کە زۆرجار بۆ ترس یان نەخۆشی بەکاردێت . ئەمە ئەوە دەردەخات کە هەڵبژاردنی پاشگری کردارەکە لە مێشکدا بەستراوەتەوە بەو واتایەی کە بە واتای ژێرەوە یان ( ژێرەکی ) ناو دەبرێت .

**٢،٢،٣. کرداری لێکدراوی تەواو (Causative/Transitive Construction) :**

لەم ڕووەوە لایەنی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی ) زمانی کوردی ئاڵۆزتر دەبێت . چونکە کردارەکە پێویستی بە ( بکەر و بەرکار ) هەیە و مۆرفێمەکانی وەک (کردن) و (داگیرسان)یش ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن . لە تیۆری (DM)دا کاتێک ڕەگی وەک (ڕەش) دەلکێت بە مۆرفیمی (کردن) وێنەیەکی هۆکاری دروست دەکات وەک پێکهاتەی (سپی کردن) یان (ڕەش داگیرسان). لەم ئاستەدا ڕەنگەکان لە واتای فیزیکی دەردەچن . کاتێک دەڵێین (ڕووی خۆی سپی کرد) لێرەدا (سپی) تەنها ڕەنگ نییە بەڵکو مۆرفیمێکە کە نیشانەی شانازی یان سەرکەوتنی وەرگرتووە. نموونەی وەک (ڕەش داگیرسان) یان (سوور هەڵگەڕان ) تەنها کرداری سادە نین بەڵکو لایەنی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی) ڕەنگەکە دەبەنە ئاستی تێربوونی تەواو . ئەمەش جۆرێکە لە گواستنەوەی نیشانەکان (Feature Transfer) کە تێیدا ڕەنگی ( ڕەش ) یان ( سوور ) هەموو پانتایی ڕووداوەکە دادەپۆشێت . ئەمەش ڕێک ئەو تێهەڵکێشە ئاوەزییە قووڵەیە کە لە توێژینەوەکەی (محەمەد، ٢٠١٥،ل٨٢)دا ئاماژەی پێکراوە .

**٢،٢،٤. ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی ) پلەکانی ڕەنگ لە کرداردا :**

لەم بڕگەیەدا دەمانەوێت دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و فەرهەنگی (شێخانی، ٢٠٠٥) بەرجەستە بکەین . شایانی ئاماژە پێدانە زمانی کوردی توانایەکی بێ وێنەی هەیە لە دروستکردنی کرداری ورد بۆ پلە جیاوازەکانی ڕەنگ ،کە دەشێت لە ڕێگەی چەمکی پلەبەندی توێژینەوەکەی (واڵی،٢٠٢٣،ل١٥٨)دا شرۆڤەی بۆ بکرێت. کردارەکانی وەک ( بۆر بوون ) یان ( تۆخ بوون ) کە لە فەرهەنگی ڕەنگدا تۆمار کراون ئەوە نیشان دەدەن کە مێشکی ئاخێوەری کورد چۆن پلەبەندیی ڕەنگەکانی کردووەتە کردار . لە دیدگای (DM)دا ئەمە پێی دەوترێت جێگیرکردنی وشەکاری (Vocabulary Insertion) واتە مێشک لەبری ئەوەی بڵێت (تۆزێک ڕەش بوو) مۆرفیمێکی ئامادەکراوی وەک (بۆر بوون) جێگیر دەکات. (واڵی، ٢٠٢٣، ل١٦٠) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پارامێتەری پلەبەندی لە زمانی کوردیدا بەپێی کارلێکی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دیاری دەکرێت . لەم ڕوانگەیەوەکاتێک سەیری کردارەکانی وەک (کاڵ بوونەوە) و ( تۆخ بوونەوە) دەکەین دەبینین دوو جەمسەری دژبەیەکن کە سیستەمی زمانی کوردی بە مۆرفیمی (ەوە) کە نیشانەی گەڕانەوەیە بۆ دۆخی بنەڕەتی ئاراستەی واتاکەیان دیاری دەکات . ئەم تێهەڵکێشکردنەی نموونە فەرهەنگییەکان لەگەڵ بنەما گشتییەکاندا وا دەکات زمانی کوردی ببێتە زمانێکی وێنەیی کە تێیدا هەر کردارێک تابلۆیەکی تەواوی ڕەنگی لە پشتەوە بێت .

. مۆرفۆ-سیمانتیکی ئیدیۆمە ڕەنگییەکان لە دیدگای مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا :

ئیدیۆمە ڕەنگییەکان لە زمانی کوردیدا تەنها کۆمەڵە وشەیەکی جێگیر نین بەڵکو دەرەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ( جێگیرکردنی وشەکارین - Vocabulary Insertion) ، کە تێیدا ڕەگە ڕەنگییەکان لە ژینگەیەکی سینتاکسیی تایبەتدا (Structural Context) واتایەکی نوێ وەردەگرن.

**١,٣,٢ پێکهاتەی ئیدیۆم و نیشانە نادیارەکان :**

بەپێی بنەماکانی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM) کە (Marantz, 1997p 25) دایڕشتووە ئیدیۆمەکان لەو شوێنەدا دروست دەبن کە ڕەگی وشەکان (Roots) لەگەڵ بەپۆلەرەگەزکردنە نزمەکاندا (Lower Categorizers) یەکدەگرن . لە زمانی کوردیدا کاتێک ڕەگێکی وەک (ڕەش) یان (سپی) لەناو پێکهاتەیەکی ئیدیۆمیدا جێگیر دەبێت ، مێشک واتای فەرهەنگیی ڕەنگەکە (وەک شەپۆلێکی تیشک) پشتگوێ دەخات و پەنا دەباتە بەر واتایەکی تێهەڵکێشراو . ئەم پرۆسەیە

(ئیسماعیل محەمەد، ٢٠١٥،ل١١٣ ) بە ( تێهەڵکێشی بیرۆکەیی) ناوی دەبات ،کە ڕێگە بە زمان دەدات نیشانەی نوێی وەک (خراپەکاری - Badness) یان ( چاکەکاری - Goodness) ببەخشێتە مۆرفیمەکە . هەر لەم ڕوانگەیەوە (زەنگەنە، ٢٠٠٥ ،ل٩٨ ) ئاماژەی بەوەداوە کە ئەم واتایانە زۆرجار ڕەهەندی دەروونییان هەیە . بەڵام لە ڕوانگەی (DM)ەوە ،ئەم گۆڕانکارییە لە ئاستی درەنگ جێگیرکردندایە (Late Insertion) ، کە تێیدا مۆرفیمەکە بەپێی دەوروبەرە سینتاکسییەکەی وێنا دەکرێت.

**٢,٣,٢. شیکردنەوەی ئیدیۆمە ڕەنگییەکان بەپێی نیشانە ئەبستراکتەکان ( Abstract Features) :**

لە ئیدیۆمە ڕەسەنەکانی زمانی کوردیدا ڕەنگەکان وەک هەڵگری نیشانەی ئەبستراکت کار دەکەن ، کە لە ژینگەی سینتاکسیی جیاوازدا واتای جیاواز ( Context-dependent allosemy) وەردەگرن (Halle and Marantz, 1993p134 ). بە پشتبەستن بە داتاکانی (سوبحانی،٢٠١٢،ل١٥٦) زمانی کوردی سوود لە ڕەگی بێلایەنی ڕەنگەکان وەردەگرێت بۆ وێناکردنی چەمکە دەروونی و کاتییەکان کە تێیدا پرۆسەی (درەنگ جێگیرکردن - Late Insertion) ڕێگە بە گۆڕانی تەواوی واتای فەرهەنگیی ڕەنگەکە دەدات. بۆ ئەم ڕوانگەیە چەند نموونەیەک دەکەینە بەڵگە ، وەک :

- نموونەی یەکەم (چاوسووركردنەوە): لە ئیدیۆمی (چاوسووركردنەوە)دا بە واتای ( هۆشداریدان ، گەورەیی ، یان تەمێکردن ) ڕەگی (سوور) لەگەڵ مۆرفیمی کرداری (کردنەوە) لە ژینگەیەکی سینتاکسیدا یەکدەگرێت . بەمجۆرە ڕەنگی سوور لە واتای فیزیکیی خۆی دادەماڵرێت و نیشانەی (Authority+) و (Warning+) وەردەگرێت . ئەم پێکهاتەیە دەری دەخات کە مێشکی ئاخێوەری کورد ئاگاییەکی مۆرفۆلۆژیی بەرزی هەیە بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ وەک کەرەستەیەکی ڕێزمانی بۆ سەپاندنی دەسەڵات.

- نموونەی دووەم ئیدیۆمی ( چاوی ڕەشی کاڵ کردەوە (sad) وەک (سوبحانی، ٢٠١٢، ل١٥٧ ) ئاماژەی پێ دەدات ، ئەم ئیدیۆمە بە واتای چاوەڕوانییەکی زۆر و نائومێدی دێت. لە ڕوانگەی تیۆری (DM)ەوە و لەم ئیدیۆمەدا ڕەگی (ڕەش) لەگەڵ ئاوەڵناوی (کاڵ) لەناو پێکهاتەیەکی کرداریدا جێگیر بووە ،کە تێیدا مۆرفیمی ڕەنگەکە ئەرکێکی کاتی (Aspectual) دەبینێت و نیشانەی (Long Duration+) و (Hopelessness+) دەردەبڕێت. ئەم داتایە ئەوە دەسەلمێنێت کە کارلێکی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکس ) دەتوانێت ڕەگی ڕەنگەکان بۆ وێناکردنی ( کات و هەستی مرۆیی ) بەکاربهێنرێت (والی، ٢٠٢٣،ل ٥٣) .

- نموونەی سێیەم (چاو چاوی داگیرساوە): لێرەدا ڕەگی (چاو) بە دووبارەبوونەوە و لەگەڵ مۆرفیمی (داگیرسان)دا وێنەیەکی دینامیکی دروست دەکات کە بەپێی لێکدانەوەی ( سوبحانی، ٢٠١٢ ل١٥٧ ) نیشانەی ڕق و تووڕەیی دەبەخشێت . لەم پێکهاتەیەدا پرۆسەی ( جێگیرکردنی

وشەکاری - Vocabulary Insertion) وای کردووە کە کرداری داگیرسان (کە وابەستەی ڕووناکی و ئاگرە) وەک نیشانەی تیشکدانەوەی تووڕەیی لە چاودا وێنا بکرێت ئەمەش لوتکەی ئەو تێهەڵکێشە بیرۆکەییەیە کە لە سەرچاوەکەی (محەمەد، ٢٠١٥ل ٦٧ )دا هاتووە . هەروەها جێی سەرنجە لە هەندێک ئیدیۆمدا ڕەنگی ڕەنگەکە لەگەڵ مۆرفیمی کرداردا یەکدەگرێت تا وێنەیەکی داینامیکی دروست بکات . بۆ نموونە (کای کۆن بە با کردن) یان (ڕووڕەش بوون ). لێرەدا مۆرفیمی (ڕەش) بەستراوەتەوە بە نیشانەی ( + شەرمەزاری ) ، ( Shame+).

هەر لەم دیدگایەوە مارینز: (p 135 Marantz,١٩٩٣,) دەڵێت : ئیدیۆمەکان لەناو بازنەیەکی دیاریکراوی سینتاکسیدا (Locality Domain) واتای خۆیان وەردەگرن. لە زمانی کوردیدا کاتێک (ڕەش) لەگەڵ (ڕوو) و ( بوون ) یەکدەگرێت مێشک تەنها یەک یەکەی واتایی (Semantic Unit) دەبینێت نەک سێ وشەی جیاواز . ئەم یەکگرتنە مۆرفۆلۆژییە وای کردووە کە زمانی کوردی خاوەنی سەدان ئیدیۆمی ڕەنگی بێت کە هەر یەکەیان ئەرکێکی سیمانتیکی تایبەت بگێڕن (فەتاح، ٢٠١٥، ل٤٧) ، ( زەنگەنە، ٢٠٠٥ ل١٥٦ ) باس لەوە دەکات کە ئەم ئیدیۆمانە بەشێکن لە ناسنامەی زمانەکە ، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەوە دەردەخەین کە ئەمە نیشانەی بەهێزیی سیستەمی (DM)ە لە زمانی کوردیدا بۆ دووبارە پۆلێنکردنەوەی مۆرفیمەکان.

**٢,٣,٣ مۆرفۆ-سینتاکسی دژەواتایی لە ئیدیۆمە ڕەنگییەکاندا :**

یەکێک لە خەسڵەتە هەرە سەرنجڕاکێشەکان ئەوەیە کە چۆن هەمان ڕەنگ لە دوو ئیدیۆمی جیاوازدا دوو نیشانەی دژبەیەک وەردەگرێت. بۆ نموونە (ڕەش) لە (بەختی ڕەش)دا نیشانەی (- بەخت) (-Luck)ە، بەڵام لە (ڕەشایی چاو)دا نیشانەی( + جوانی)ە ، ( Beauty + ) .

بێگوومان شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە لە (DM)دا بە (تایبەتمەندی کەم - Underspecification) ناسراوە. واتە ڕەگی ڕەنگەکە خۆی لە خۆیدا واتایەکی جێگیری نییە، بەڵکو چاوەڕێ دەکات لە ڕێگەی درەنگ جێگیرکردنەوە (Late Insertion) لەناو ڕستەدا واتاکەی بۆ دیاری بکرێت . ئەم هەمەجۆرییەی ئیدیۆمەکان ئەوە نیشان دەدات کە فەرهەنگی ئاوەزیی کورد زۆرترین سوودی لە ڕەنگەکان وەرگرتووە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سیمانتیکییەکان . ئەم پرۆسەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی تەنها گۆڕینی فۆرم نییە بەڵکو گۆڕینی (نیشانە ئەبستراکتەکان)ە بۆ گوزارشتکردن لە وردترین هەستە مرۆییەکان.

**٢,٤.نواندنی ڕەنگ وەک مۆرفیمی سیمانتیکی لە شیعری شاعیراندا (نالی، مەحوی، گۆران) :**

شیعری کوردی یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کایەکان بۆ تاقیکردنەوەی میکانیزمی دروستەی وشە (Word Construction). بەپێی تیۆری (DM) وشە لەناو سینتاکسدا دروست دەبێت نەک لە فەرهەنگ ، ئەمەش ڕێک ئەو دیاردەیەیە کە شاعیرانی کورد بەکاریان هێناوە بۆ گۆڕینی واتای جێگیری ڕەنگەکان بۆ واتاگەلێکی (Abstract) و قووڵ .

**٢,٤,١. نواندنی ڕەنگی ڕەش و سوور وەک مۆرفیمی سیمانتیکی لای نالی و مەحوی :**

لای شاعیرانی کلاسیکی وەک ( نالی و مەحوی ) ڕەنگەکان تەنها وەک یەکەی فەرهەنگیی جێگیر نامێننەوە بەڵکو وەک چەمکی ( درەنگ جێگیرکردن - Late Insertion) دەردەکەون . مۆرفیمی ڕەنگەکان لەناو دەقی شیعریدا نیشانەی ئەبستراکتی نوێ وەردەگرێت. بۆ نموونە لە

وێناکردنی زولف وەک (ڕەشمار) ڕەگی (ڕەش) بەپێی دەوروبەرە سینتاکسییەکەی ( Structural Context) نیشانەی ( +مەترسی ، Danger+) و ( + سەرنج ڕاکێشان + Attraction) تێهەڵکێش دەکات ، کە تێیدا ڕەنگی فیزیکی دەبێتە ئامرازێکی دەروونی بۆ کێشکردنی سەرنجی خوێنەر .

ئەم پرۆسەیە لای حەزرەتی ( مەحوی ) دەگاتە ئەوپەڕی قووڵایی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) کاتێک ڕەگی ( ڕەش ) لە دەرەوەی وەسفی ماددی بەکاردێنێت بۆ نیشاندانی تێکچوونی باری دەروونی و چەرمەسەریی ژیان ، وەک لەم بەیتەدا دەڵێت:

من ڕۆژ ڕەشم و فەرق نییە ڕۆژی من لە شەو
سەد ڕۆژ ئەگەر هەڵێ لەسەرم ڕۆژم هەر شەوە
(دیوانی مەحوی، ل٣٦٤).

لێرەدا پێکهاتەی (ڕۆژ ڕەش) وەک یەک مۆرفیمی سیمانتیکی یەکگرتوو کار دەکات کە تێیدا نیشانەی ( + خەم + Sorrow) و ( -بەخت - Luck) جێگیر بووە. بەپێی تیۆری (DM) ڕەگی (ڕەش) خۆی لە خۆیدا واتا نییە ، بەڵکو ئەم ژینگە سینتاکسییەیە کە واتای (مەینەتی) پێ دەبەخشێت . بە جۆرێک کە هەڵاتنی سەد ڕۆژیش ناتوانێت نیشانە دەنگی و سیمانتیکییەکانی ئەم دروستەیە بگۆڕێت.

لە لایەکی دیکەوە ( مەحوی ) هەر بەم شێوازە ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی )یە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکانی تریشدا دەکات . بەتایبەت لە کاتی گۆڕینی ڕەنگەکان بۆ نیشانەی ناکۆکی یان گۆڕانی حاڵەت (Change of State) وەک دەڵێت:

بە خوێنم تینوە با نۆشی کات و نۆشی بێ ئەمما
لەسەر چی تۆ بڵێ ئەو لێوە مۆرە وا لەمن بوو سوور
(دیوانی مەحوی ،ل١٢٨ )

لە ڕوانگەی (شاڵاو عەبدوڵا وە ) ڕەگی وشەکان (Roots) لە بنەڕەتدا بەتاڵن لە فۆرمی ڕێزمانی ( صالح ٢٠٢٣ ،ل١٤٢) بەڵکو لێرەدا ڕەگی (مۆر) و (سوور) بەهۆی پێکهاتەی ڕستەکەوە نیشانەی پێچەوانەی یەکتر وەردەگرن . ( سوور) نیشانەی ( + سۆز + Passion) و ( + یەکێتی Union+)ە . لە کاتێکدا (مۆر) دەبێتە نیشانەی (+ دووری Distance+) و (+ دڕندەیی Cruelty+). ئەم گۆڕانکارییە لە ( فۆرم و واتا )دا لووتکەی (تێهەڵکێشی بیرۆکەیی)یە کە (مەعرووف ، ٢٠١٥) باسی لێوە کردووە . چونکە شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی ئاگایی مۆرفۆلۆژیانەوە ڕەنگەکان وەک کەرەستەی دینامیکی بۆ گوزارشتکردن لە ململانێی ئەویندار بەکاربهێنێت.

**٢,٤,٢. ڕەنگ وەک نیشانەی سروشت و ژیان لای گۆرانی شاعیر :**

ڕەنگەکان لە لای شاعیری گەورەی کورد گۆران، لە واتا کلاسیکییەکانیان دەردەچن و نیشانەی ( سروشت - Nature) و ( ژیان - Life) وەردەگرن. بۆ نموونە ( گۆران ) ، دەڵێت:

(لە ژێر ئاسمانی شینا
لەپاڵ لووتکەی بەفرینا
( گۆران، ١٩٨٠، ل. ٢٨)

لێرەدا مۆرفیمی (شین) و (بەفرین) تەنها وەسفی ڕەنگ نین ، بەڵکو وەک دروستەیەکی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی ) کار دەکەن. بەپێی تیۆری (DM) لەم هۆنراوەیەدا ڕەگی بێلایەنی (شین) و ڕەگی (بەفر) لەگەڵ پاشگری (ا) یەکدەگرن کە نیشانەی شوێنی جەختکردنەوەیە

(Locative/Emphasis) له زمانی کوردیدا. ئه‌مه وای کردووه ڕه‌نگه‌کان له حاڵه‌تی ستاتیکییه‌وه بگۆڕێن بۆ حاڵه‌تی کردار (Action) واته ئاسمانی شین لێره‌دا ته‌نها ڕه‌نگ نییه به‌ڵکو پانتاییه‌کی زیندووه که کار ده‌کاته سه‌ر مێشکی خوێنه‌ر . هه‌ر وه‌ک (ساڵح، ٢٠٢٣) جه‌ختی لێ ده‌کاته‌وه ئه‌م جۆره دروستکردنه له‌ناو سینتاکسدا (Late Insertion) ئه‌وه ده‌سه‌لمێنێت که شاعیر سوود له (Subset Principle) وه‌رده‌گرێت بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌و مۆرفیمانه‌ی که زۆرترین زانیاریی سیمانتیکییان تێدایه. بۆیه لێره‌دا (به‌فرین) وه‌ک ڕه‌نگی سپی کار ده‌کات . به‌ڵام سپییه‌ک که نیشانه‌ی (سه‌رما و سۆڵه و ساردی و به‌رزی) تێهه‌ڵکێش کراوه . ئه‌مه‌ش ڕێک ئه‌و (تێهه‌ڵکێشه بیرۆکه‌یی)یه‌یه که (محه‌مه‌د، ٢٠١٥) ئاماژه‌ی پێ داوه .

**٢,٤,٣. شیکردنه‌وه‌ی دروسته‌ی ئاوه‌ڵناوه ڕه‌نگییه‌کان لای شاعیران :**

شاعیرانی کورد زۆرترین سوودیان له ئاوێته‌کردن ( Compounding) و وه‌رگرتن (Derivation) وه‌رگرتووه که دوو چه‌مکی سه‌ره‌کین لای (شاڵاو عه‌بدوڵلا). نموونه‌ی (چاوی خومار) یان ( ڕووی سپی ). له‌م بواره‌دا (فه‌تاح، ٢٠١٥) باس له گۆڕانی پۆلی وشه ده‌کات ، به‌ڵام (شاڵاو عه‌بدوڵلا، ٢٠٢٣، ل. ١٦٨) ئه‌وه ڕوون ده‌کاته‌وه که ئه‌مه گۆڕان نییه ، به‌ڵکو ( بێلایه‌ن له پۆله‌ڕه‌گه‌ز Category-neutral) بوونی ڕه‌گه‌کانه . واته ڕه‌گی ڕه‌نگه‌که له بنه‌ڕه‌تدا نه ناوه و نه ئاوه‌ڵناو ، به‌ڵکو شاعیر له‌ناو دروسته‌ی شیعریدا بڕیار ده‌دات چ ئه‌رکێکی پێ ببه‌خشێت . ئه‌م دیدگایه ده‌یسه‌لمێنێت که تیۆری (DM) باشترین که‌ره‌سته‌یه بۆ تێگه‌یشتن له‌وه‌ی چۆن شاعیرانی کورد له ڕێگه‌ی مۆرفیمێکی بچووکی وه‌ک ڕه‌نگه‌وه گه‌وره‌ترین وێنه‌ی مه‌عریفی و فه‌لسه‌فی به‌رهه‌م ده‌هێنن .

**٢,٥. شیکردنه‌وه‌ی ڕه‌گی بێلایه‌ن و ئاگایی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی ) :**

له ڕه‌نگه‌کاندا و له تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابه‌شکراودا (DM) یه‌کێک له بنه‌ما هه‌ره جه‌وهه‌رییه‌کان ئه‌وه‌یه که ڕه‌گه‌کان (Roots) له بنه‌ڕه‌تدا بێلایه‌نن (Category-neutral) واته خۆیان له خۆیاندا نه (ناو)ن نه (کردار) و نه (ئاوه‌ڵناو) . وه‌ک (شاڵاو عه‌بدوڵلا،٢٠٢٣،ل١٦٨) ئاماژه‌ی پێ ده‌دات . ڕه‌گی وشه ته‌نها کاتێک شوناسی ڕێزمانی وه‌رده‌گرێت که له‌ناو پرۆسه سینتاکسییه‌که‌دا له‌گه‌ڵ پۆلێنکه‌رێکی (Categorizer) وه‌ک ( n, v, a) یه‌کده‌گرێت. ئه‌م تێڕوانینه سنووری باو له نێوان ( مۆرفۆلۆژی و سینتاکس )دا ناهێڵێت و پێکهاته‌ی وشه وه‌ک به‌شێک له دروسته سینتاکسییه‌کان ده‌بینێت.

**٢,٥,١. ڕه‌گی ڕه‌نگه‌کان وه‌ک نموونه‌ی بێلایه‌ن له زمانی کوردیدا :**

کاتێک سه‌یری ڕه‌گی ڕه‌نگه‌کان ده‌که‌ین ، بۆ نموونه : ( ڕه‌ش یان سوور ) ئه‌م مۆرفیمه ته‌نها (ناوکی واتایی)یه و چاوه‌ڕێی پۆلێنکه‌ری سینتاکسی ده‌کات . به‌پێی توێژینه‌وه‌که‌ی (مه‌عرووف، ٢٠١٩، ل٤١٦) زانیارییه مۆرفۆلۆژییه‌کان له‌ناو فه‌رهه‌نگی ئاوه‌زیدا به شێوه‌ی (خاو) خه‌زن کراون . کاتێک ئاخێوه‌ری کورد ئاگایی مۆرفۆلۆژییانه‌ی خۆی به‌کاردێنێت ، ده‌توانێت ئه‌م ڕه‌گه بێلایه‌نه ( سوور) به چه‌ندین شێوه له‌ناو ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکس )دا دابڕێژێته‌وه ، وه‌ک :

- ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ پۆلێنکه‌ری (a) یه‌کبگرێت، ده‌بێته ئاوه‌ڵناو: (سوور).
- ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ پۆلێنکه‌ری (v) یه‌کبگرێت ده‌بێته کردار: (سوور هه‌ڵگه‌ڕان).
- ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ پۆلێنکه‌ری (n) یه‌کبگرێت ده‌بێته ناو: (سووراتی یان سووریی).

ئه‌م دیارده‌یه سه‌لمێنه‌ری ئه‌وه‌یه ، که ڕه‌گی ڕه‌نگه‌کان له زمانی کوردیدا (Category-neutral)ن و ته‌نها له ڕێگه‌ی کارلێکی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکس )ه‌وه شوناسیان بۆ دیاری ده‌کرێت. وه‌ک (مه‌عرووف، ٢٠١٩) جه‌خت له‌وه ده‌کاته‌وه که ئاخێوه‌ری کورد توانای

(تێکشکانی یاساکان و هەڵوەشاندنەوەی فۆرمەکان)ی هەیە ، کە ئەمەش ڕێگەی پێدەدات ڕەگەکە لە ئەرکێکی سینتاکسییەوە بۆ ئەرکێکی تر بگوازێتەوە ، بێ ئەوەی واتای ناوکیی ڕەنگەکە لەدەست بدات.

**٢,٥,٢. نواندنی ناوەکی و دەرەکیی ڕەگەکان و چەمکی (Late Insertion) :**

بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی ( مەعرووف، ٢٠١٩، ل٤١٥) ڕەگەکان خاوەنی نواندنێکی ناوەکین (Internal Representation) کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا خەزن کراون . بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا دەبنە نواندنی دەرەکی (External Representation). لە بواری ڕەنگەکاندا ئەمە وا دەکات کە ڕەگی بێلایەن وەک: ( شین ) لە ئاستی ناوەکیدا تەنها (چەمکێکی ڕەنگی) بێت بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا بەهۆی پۆلێنکەرە سینتاکسییەکانەوە (ئاڵۆزترین دروستەی مۆرفۆلۆژی) دروست بکات. ئەم شرۆڤەکردنە تەواو هاوتایە لەگەڵ چەمکی ( Late Insertion) لە تیۆری (DM)دا ، کە دەڵێت : مۆرفیمە دەنگییەکان ( Phonological pieces) لە کۆتایی پرۆسە سینتاکسییەکەدا دەچنە ناو پێکهاتەکانەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زمانی کوردی سیستەمێکی: یەکگرتووی (مۆرفۆلۆژی - سینتاکس) پەیڕەو دەکات کە تێیدا ڕەگە بێلایەنەکان کەرەستەی سەرەکین بۆ بونیادنانی واتا.

**ئەنجامەکان :**

بە پشتبەستن بە شرۆڤەکردنی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکسی ) داتاکانی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، ئەم ئەنجامە سەرەکییانە بەدەست هاتن:

١. بێلایەنبوونی ڕەگە ڕەنگییەکان (Root Neutrality):

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە سەلمێنرا کە ڕەگی ڕەنگەکان لە زمانی کوردیدا وەک: ( ڕەش، سپی، شین) لە ئاستی فەرهەنگی ئاوەزیدا یەکەی بێلایەنن (Category-neutral) و شوناسێکی ڕێزمانیی جێگیریان نییە. ئەم ڕەگانە تەنها کاتێک دەبنە ناو، کردار، یان ئاوەڵناو کە لە چوارچێوەی (مۆرفۆلۆژی - سینتاکس)دا لەگەڵ پۆلێنکەرە تێکەڵەکاندا (Categorizers) یەکدەگرن. ئەمەش هێزی زمانی کوردی نیشان دەدات لە گۆڕینی یەک مۆرفیمی ڕەنگی بۆ چەندین دروستەی جیاواز بەپێی پێویستیی دەربڕین.

١. کارلێکی ( مۆرفۆلۆژی - سینتاکس ) و تێهەڵکێشی بیرۆکەیی:

دەرکەوت کە دروستکردنی ئیدیۆم و کردارە ڕەنگییەکان وەک: ( ڕووسپی بوون ، دڵڕەش بوون) پرۆسەیەکی (Late Insertion)ە ، واتە مێشک واتای فیزیکیی ڕەنگەکە پشتگوێ دەخات و واتایەکی تێهەڵکێشراوی ئەبستراکتی ، وەک: ( پاکی ، پیسی ، یان شەرم ) دەخاتە ناو دروستە سینتاکسییەکەوە. ئەمە ئەوە دەسەڵمێنێت ، کە مۆرفۆلۆژیی کوردی سیستەمێکی (تەواو سینتاکسی)یە و واتا بەپێی ژینگەی پێکهاتەکە (Structural Context) دیاری دەکرێت نەک بە تەنیا لە فەرهەنگدا.

١. پارامێتەری تێربوونی ڕەنگ لە کردارەکاندا:

توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە گۆڕانی ڕەنگ بۆ کردار وەک: ( زەرد هەڵگەڕان ، سوور هەڵوەژان) تەنها گۆڕانی پۆلی وشە نییە بەڵکو کاراکردنی پارامێتەری (Aspect)ە لە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیدا. بەکارهێنانی پاشگرە جیاوازەکانی کردار ئەوە نیشان دەدات کە مێشکی کورد ڕەنگەکان وەک (ڕووداوی کاتی - Event) دەبینێت کە خاوەنی پلەبەندی (Gradability) و تێربوونی وردن . ئەمەش وای کردووە زمانی کوردی لە بواری کردارە ڕەنگییەکاندا دەوڵەمەندییەکی هەبێت.

١. ئاگایی مۆرفۆلۆژی و توانای هەڵوەشاندنەوەی دروستەکان: لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە سەلمێنرا کە ئاخێوەری کورد خاوەنی ئاگاییەکی مۆرفۆلۆژیی بەهێزە کە ڕێگەی پێ دەدات دروستە ئاڵۆزەکان (وەک لێکدراوە ڕەنگییەکان لە شیعردا) هەڵبوەشێنێتەوە و دووبارە دایان بڕێژێتەوە. ئەم توانایە ئەوە دەردەخات کە وشە ڕەنگییەکان لە مێشکدا بە شێوەی بلۆکی نەشکاو (Frozen blocks) خەزن نەکراون ، بەڵکو دروستەی داینامیکین و لە ئاستی (مۆرفۆلۆژی - سینتاکس)دا بەپێی یاسا گەردوونییەکانی تیۆری (DM) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**یەکەم: لیستی سەرچاوە کوردییەکان :**


١ - بەرزنجی، هێمن حەمەوێس (٢٠٢٣). پارامێتەر لە مۆرفۆلۆژی - سینتاکس و سینتاکسی زمانی کوردیدا. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

- زەنگەنە، مستەفا (٢٠٠٥). ڕەنگ لە زمانی کوردیدا. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

٢- سالح، شالاو عەبدوڵلا (٢٠٢٣). دروستەی وشە لە زمانی کوردیدا بەپێی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

- سوبحانی، جەلال مەحموود عەلی (٢٠١٢)ب، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا ، سلێمانی .

٣- شێخانی، عەبدوڵلا کەریم (٢٠٠٥). فەرهەنگی ڕەنگ لە کوردەواریدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤ - فەتاح، ئەردەوان تۆفیق (٢٠١٥). گۆڕانی پۆلی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

٥- مەحوی، شێخ محەمەد (١٩٨٨). دیوانی مەحوی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا: چاپخانەی ئەسعەد.

٦ - محەمەد، ئیسماعیل (٢٠١٥). تێهەڵکێشی بیرۆکەیی لە پاشکۆکردنی فۆرم و واتا لە فەرهەنگی ئاوەزیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

٧ - مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٩). (ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردیدا). گۆڤاری زانکۆی کەرکووک بۆ خوێندنە مرۆییەکان. بەرگی (١٤)، ژمارە (٢)، لاپەڕە (٤١٥-٤٣١).

٨ - گۆران، عەبدوڵلا سلێمان (١٩٨٠). سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران. ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.


دووەم: سەرچاوە بیانییەکان :


9 _ Berlin, B. and Kay, P. (1969). Basic Color Terms: Their Universality and Evolution. Berkeley: University of California Press.

10 _ Embick, D. (2015). The Morpheme: ATheoretical Introduction. Berlin: De Gruyter.

11 _ Embick, D. and Noyer, R. (2007). (Distributed Morphology and the Syntax-Morphology Interface), in Ramchand, G. and Reiss, C. (eds) The Oxford Handbook of Linguistic Interfaces. Oxford: Oxford University Press, pp. 289–324.

12 _ Halle, M. (1997). (Distributed Morphology: Impoverishment and .Fission). MIT Working Papers in Linguistics, 30, pp. 425–449
13_ Halle, M. and Marantz, A. (1993). (Distributed Morphology and the Pieces of Inflection), in Hale, K. and Keyser, S. J. (eds) The View from .Building 20. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 111–176
14 _ Harley, H. (2014). (On the Identity of Roots). Theoretical Linguistics 40(3-4), pp. 225–276
15 _ Harley, H. and Noyer, R. (1999). (Distributed Morphology). Glot .International, 4(4), pp. 3–9
16 _ Marantz, A. (1997). (No Escape from Syntax: Don't Try Morphological Analysis in the Privacy of Your Own Lexicon). University .of Pennsylvania Working Papers in Linguistics, 4(2), pp. 201–225

**First: List of Kurdish sources:**

1 - Barzanji, Hemn Hamawes (2023). Parameters in Kurdish Morphology - Syntax and Syntax. PhD thesis, Sulaimani University, College of Language.
- Zangana, Mustafa (2005). Color in Kurdish. PhD thesis, Salahaddin University, College of Language.
2- Salih, Shalaw Abdullah (2023). Word correctness in Kurdish according to distributed morphology. Erbil: Salahaddin University Printing House.
- Subhani, Jalal Mahmood Ali (2012)b, Idioms in Kurdish Language, Sulaimani.
3- Shekhani, Abdullah Karim (2005). Dictionary of Color in Kurdish. Erbil: Ministry of Education Printing House.
4- Fatah, Ardawan Tofiq (2015). Word class changes in Kurdish syntax. Master's thesis, Salahaddin University, College of Language.
5- Mahvi, Sheikh Mohammed (1988). Diwani Mahvi. Research and Interpretation: Mullah Abdulkarim Muderis and Mohammed Mullah Karim, Baghdad: Asad Printing House.
6 - Mohammed, Ismail (2015). Ideological involvement in the backwardness of form and meaning in the dictionary of the senses. Master's thesis, Sulaimani University, College of Language.
7 - Ma'roof, Abdul Jabbar Mustafa (2019). (Morphological awareness in Kurdish). Kirkuk University Journal of Humanities. Volume (14), No. (2), pp. (415-431).

8 - Goran, Abdullah Sulaiman (1980). All Works of Goran, Volume 1, Diwani Goran. Prepared by: Mohammed Mullah Karim, Baghdad: Iraqi Information Society Printing House.

Second, foreign sources:

9 _ Berlin, B. and Kay, P. (1969). Basic Color Terms: Their Universality .and Evolution. Berkeley: University of California Press

10 _ Embick, D. (2015). The Morpheme: ATheoretical Introduction. .Berlin: De Gruyter

11 _ Embick, D. and Noyer, R. (2007). (Distributed Morphology and the Syntax-Morphology Interface), in Ramchand, G. and Reiss, C. (eds) The Oxford Handbook of Linguistic Interfaces. Oxford: Oxford University .Press, pp. 289–324

12 _ Halle, M. (1997). (Distributed Morphology: Impoverishment and .Fission). MIT Working Papers in Linguistics, 30, pp. 425–449

13_ Halle, M. and Marantz, A. (1993). (Distributed Morphology and the Pieces of Inflection), in Hale, K. and Keyser, S. J. (eds) The View from .Building 20. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 111–176

14 _ Harley, H. (2014). (On the Identity of Roots). Theoretical Linguistics 40(3-4), pp. 225–276

15 _ Harley, H. and Noyer, R. (1999). (Distributed Morphology). Glot .International, 4(4), pp. 3–9

16 _ Marantz, A. (1997). (No Escape from Syntax: Don’t Try Morphological Analysis in the Privacy of Your Own Lexicon). University .of Pennsylvania Working Papers in Linguistics, 4(2), pp. 201–225